# بڕینێکی سەیر ... عامر سابیر

asabir79@hotmail. com

ئەوە زۆر سەرنج ڕاکێشە وە جێگەی پرسیارە کە بۆچی ئەو چاوپێکەوتنەی کە هەڵۆ مەرگەیی لە هەفتەنامەی میدیا لە گەڵ ڕێبوار ئەحمەد (سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حککع) کردویەتی وە لە ژمارەی 257 ی میدیا لە ڕۆژی 2006/9/12 دا بڵاوکراوەتەوە. میدیا ئەو پرسیارەی بڕیوە و بڵاوی نەکردۆتەوە کە لە سەر کەرکوکە، پرسیارەکەش ئەمەیە (بە بەردەوامی لە لایەن پارت و باڵە نەتەوەییەکانەوە ڕەخنەتان لی ئەگیرێت لە سەر ئەو سیاسەتەی لە بەرامبەر بە قەزیەی کەرکوک هەتانە، پرسیارەکەمان ئەوەیە کە ئێوە بۆچی ئەوەندە بەرگری لە عەرەبە هاوردەکان ئەکەن؟) وە هەروەها میدیا وەڵامە دروستەکەی (ڕێبوار ئەحمەد) یش ئەپەڕێنێت و بڵاوی ناکاتەوە!

من لە سەرەتاوە بیرم بۆ ئەوە چوو کە ڕەنگە لە بەر گرینگی پرسیارەکە و ئاڵۆزی کێشەکە، میدیا لە ژمارەی داهاتوویدا وەك بەشی دوهەمی چاوپێکەوتنەکە بڵاوییکاتەوە، بەڵام وا دەرنەچوو.

ئەو حیزبەی کە میدیا دەردەکات، ڕەخنەی سەرەکی لە پارتی و یەکێتیی ئەوەیە کە ناسیۆنالیست نین، میدیا بەم سانسۆرەی بۆ جارێکی تر سەلماندی کە سیاسەتی حککع و قسەکانی ڕێبوار ئەحمەد لە سەر کێشەی کەرکوك زۆر دروستە، زۆر پراتیکییە، زۆر قابیلی تەحقیقە، زۆر لە بەرژەوەندی خەڵکی کەرکوك و کوردستاندایە وە زۆر ئینسانییە، بۆیە میدیاش تەحەمولی ناکات و بەختەتەر لە سەر خۆی ئەزانێ و سانسۆری ئەکات.

تێبینی: دەقی هەڤپەیڤینەکە لە گەڵ ئەو بەشەی کە میدیا بڕیویەتی لە سایتی حککع دانراوە.

www. wpiraq. net

2006/9/25